## بەڵگە و دۆکیومینتی سۆڤیەتی

لە پەیوەندی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان (1946) دا، بەڵگەنامەی باڵوێزخانە و وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتانی وەک سۆڤیەت، ئەمریکا و ئینگلیس واهەیە گرنگترین سەرچاوە بن بۆ گەلی کورد – کە خۆی خاوەنی ئارشیوی فەرمی نییە و داگیرکەری ئێرانیش جگە لە بەرئاوەژووکردنی ڕاستییەکان کارێکی تر ناکات.

من پێشتر لەم زنجیرە وتارەدا باسی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیام کردوە (ئاڵقەی 20) و ئێستاش بە کورتی، بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکان لە کتێبی بەناوەڕۆکی "مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومینتی سۆڤیەتیدا" دێنمەوە کە ساڵانی نێوان 1945 و 1958 دەگرنەوە و د. ئەفراسیاو هەورامی لە ڕووسییەوە وەریگێڕاون:

لاپەڕە 31: ڕووسەکان ناهێڵن بارزانییەکان بێنە ناوچەی مەهاباد و بۆکان؛
لاپەڕە 39: چەند کوردی ڕۆژهەڵاتیش[لە کاتی چوونی بارزانییەکان بۆ سۆڤیەت]، لە باکۆ دەبن [کە دیارە یەک لەوان نەمر عەلی گەلاوێژە].
لاپەڕە 73: کۆنسولی سۆڤیەت لە ورمێ : "ئێمە لە ڕاپۆرتی کۆنسوولیدا نووسیبوومان کە وا ئەمریکایی و ئینگلیزەکان بە تەمان دەوڵەتێکی دەسکردی"بەکرێ گیراو" بەناوی کوردستانی گەورە دروست بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ قازی محەمەد و سەیفی قازی و حاجی بابەشێخ دا وتووێژیان کردوە". [عەینی ئەم تاوانە ئینگلیس و ڕۆژئاواییەکەن دەیدەنە پاڵ سۆڤیەت!].

کتێبەکە، ڕاستەوخۆ باسێکی دیکەی لە بۆکان تێدا نەکراوە، بەڵام ڕووداوەکانی ساڵانی کۆماری کوردستان و دوای ئەو لە ڕوانگەی سۆڤیەتەکانەوە دەردەخات، کە ئەو ڕووداوانەهەر هەموویان بۆکانیش - وەک شاری دووهەمی کۆمار، دەگرنەوە.

بەشی پەیوەندیدار بە ژیانی پڕ لە ناخۆشی نەمر بارزانی و 500 هاوڕێکەی لە سۆڤیەت و هەڵداشتنیان بۆ ئاسیای ناوەندی بە فیتی باقرۆفی سەرەک کۆماری ئازەربایجان گەلێک دڵتەزێنە و مەزڵوومییەتی ئەو قارەمانە دلێرانەی کورد و بە گشتی گەلی کورد دەگەیێنێت.

"مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومینتی سۆڤیەتیدا 1945 – 1958 تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەلی کورددا"، دانانی د. ئەفراسیاو هەورامی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2002، 216 لاپەڕە، کوردی.